# ئەوە پیاوێکە شەیتان میزی کردووەتە نێو گوێیەکانی

لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک باسکرا لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە شەو خەوت هەتاوەکو بەیانی خۆر هەڵهات، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەوە پیاوێکە شەیتان میزی کردووەتە نێو گوێیەکانی».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فەرموودەکە: ئیبن مەسعود -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی پیاوێک کرا کە هەتا ئاسۆی بەیان دەرکەوت، واتا: هەڵنەستا بۆ شەونوێژ هەتا بانگی بەیانی دا یان هەڵنەستا بۆ نوێژی بەیانی هەتا خۆر دەرکەوت. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئەوە کەسێکە شەیتانی میزی کردووەتە ناو گوێیەکانی) وئەمەش لەسەر واتا ئاشکراکەیەتی، چونکە هاتووە کە شەیتان دەخوات ودەخواتەوە وجیماع دەکات، بۆیە میزیش دەکات، وئەمەش ئەوپەڕی زەلیلکردن وئیهانەکردنە بۆ ئەو کەسە کە شەیتان دەیکاتە شوێنی میزکردنی خۆی. وباسی گوێ کراوە چونکە قورسی خەو بەهۆی قورسی گوێیەکانەوەیە، وگوێ شوێنی ئاگادارکردنەوەیە وبۆیە تایبەتی کرد بە میزکردن، چونکە ئاسانتر دەچێتە ژوورەوە بۆ ناو لاشە ودەمارەکان وئەمەش دەبێتە هۆی تەمەڵبوونی هەموو ئەندامەکان لە کاتی هەستان لە خەودا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3714

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee